# ەردۆگان و گاڵتەجاڕی کودەتا .. وەرگێرانی : رەزاشوان



میکافیلی دەڵێ : " ـەگەر دەتەوێت نەیارانت لە ناوبەریت و، هێزت بۆ هەمووان دەربخەیت، کودەتا دروست بکە و لە ناویان بەرە " ـەو کودەتایەی لە چەند رۆژی پێشوودا لە تورکیادا روویدا، جیهان بەم کودەتا شکسخواردووەوە سەرقاڵبوون .. هەر لە ساتی یەکەمی دەستپێکردنییەوە، جیهان لە شرۆڤەکردن و بۆچووندا دابەشبوون .. ئەوانەی لایەنگری سەرۆکی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆگان نین هەڵهەڵەیان لێدا، ئەوانەن کە زۆربەیان بە ئاگری ئەم کەسایەتییە فێڵباز و درۆزن و تەڵکبازە ـکراون، کە لە پێناوی هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا گوێ بە نزیکترین کەسی خۆشی نادات.

ـوای خوێندنەوەتان بۆ ئەم بۆچوون و بیرۆکانەی کە دەیخەمە بەردەمتان، دەزانم کە بۆچوونەکانمان وەکو یەکنین، ـەڵام ئازادی رادەربڕین مافی هەمووانە ( بێگومان تەنها لە تورکیادا نەبێت )، چونکە ـن هاوڕانیم لەگەڵ هەموو ئەو هەڵسەنگاندن و را و شرۆڤانەی کە دەربارەی ئەم کودەتایە کراون، گەرچی بەشێکی زۆری ئەو شرۆڤەکار و شارەزایانە خۆیان بە شارەزای کاروبار و سیاسەتی تورکیا دەزانن .. ـە پڕێکدا رووبەڕووی ئەو هەموو کەسانە بووینەوە، کە لە زۆر شوێنی جیهاندا، تاوتوێ و هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەو کودەتایە کرد .. هەموویان بە شێوەیەکی ئەوتۆ، گوزارشتیان لە رای خۆیان دەکرد هەروەکو ئەوەی لە تورکیادا بژین و، هاوژینێکی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی تورکیابن . بەڵام لە راستیدا، ئەمانە وەکو ( تووتی ) ئەوە دووبارە دەکەنەوە، کە پێشتر لە کەناڵێکی کەدا، باسکراوە و گوێیان لێبووە .. بە هەرحاڵ من نامەوێت لەسەر ئەم بابەتە بدوێم .

کودەتاکە ( شانۆگەرییەکە ) لە نووسین و دەرهێنانی سەرۆکی تورکیا ( رەجەب تەیب ئەردۆگان ) کە بە شێوەیەکی نایاب داڕشتووە و دەریهێناوە .. بە شێوەیەکی تەکنیکی بەرزیش رۆڵەکانی دابەش کردووە، کە تێدا تەکنیکی تەکنۆلۆژیا و، سایتە کۆمەڵایەتییەکانی بە شێوازێکی گەورە بەکارهێناوە، سەکۆی شانۆگەرییەکەشی شاری ئەستەمبوڵی شوێنی لە دایکبوونی سەرۆکی تورکیایە، کە بە باشی شارەزایەتی ( ماوەیەکیش سەرۆکی شارەوانی ئەم شارە بوو )، لەگەڵ ( ئانکرە) ی پایتەختیش، کە بارەگاکانی دامەزراوە حکوومییەکانە .
ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێت، بۆ سەرۆکی تورکیا پەنای بۆ ئەم شانۆگەرییە برد ؟ بە تایبەتیش ئەو سەرۆکی وڵاتێکە، ئەوەی کە ناکرێت کەسانی تر بیکات، ئەو بۆی هەیە کە بیکات .. دەتوانێت بەبێ پرس و لێپێچینەوە هەر بڕیارێک دەربکات .. ئەمەش دۆخی راستی ئەو وڵاتانەیە کە دیکتاتۆرەکان حوکمڕانی تێدا دەکەن .. (شانۆگەری کودەتاکەی تورکیا ) لە چوار بەشدا چڕدەکەینەوە :

بەشی یەکەم / دەزگاکانی راگەیاندنی تورکیا، چەند رۆژێک لە پێش کودەتاکە، ئاگادارییان دا، کە لەوانەیە کودەتایەکی سەربازی رووبدات، ئەمەش بە راستی رووی دا .. بەڵام سەیر لەوەدایە، کە ئەمە یەکەمین کودەتای سەربازییە لە مێژووی ئەم سەردەمەدا، کە بەم شێوە ئارامییە چارەسەر کرێت، سەرکردەی کودەتا لە هیچ کەناڵێکی تەلەفزیۆنیدا دەرنەکەوت، بۆ ئەوەی کودەتاکە رابگەیەنێ و بەیاننامەیەک بخوێنێتەوە .. هەروەکو لە هەموو کودەتاکاندا باوە، تەنانەت لە

سۆمالیشدا وامان بینیوه .. !، کودەتاچییەکان لە چەند گۆڕەپانێکدا بڵاوبوونەوە .. فرۆکەخانەی ئەتاتورک و پردی بسفۆریان داخست .. تەلەفزیۆنی تورکیا، رایگەیاند لە سوپا بە تەواوی دەسەڵاتی گرتەدەست ( کچە هەواڵخوێنەکەی تەلەفزیۆنی تورکیا، کە بەیاننامەکەی خوێندەوە، لە دواییدا بوو بە ناسراوترین کەسایەتی لە تورکیادا ) دوایش تەلەفزیۆنی تورکیا داخرا .. بەڵام کودەتاچییەکان، لە هەموو کەناڵەکانی تردا ئاگادارییان بڵاودەکردەوە .

لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتژمێری یەکی شەودا، لە ناکاودا شاسواری مەزن ( پاڵەوانی شانۆگەرییەکە) رووبەڕووی کودەتاچییەکان بووەوە، بە تەلەفۆن پەیامێکی لە رێی تۆڕی تەلەفزیۆنی (سی ئێن ئێن) ی تورکییەوە بڵاوکردەوە، دوایش بەبێ ئەوەی کە هیچ سەرکردەیەکی سەربازی لەگەڵدابێت، رووی لە فرۆکەخانەی ئەتاتورک کرد، لە کاتێکدا کە فرۆکە هێلیکۆپتەرەکانی کودەتاچییەکان بە ئاسمانەوە دەسوڕانەوە .. بێ ئەوەی کە رووبەڕووی فرۆکەکەی ئەردۆگان ببنەوە .

ئەردۆگان کە لە نێوان کۆمەڵێک لە لاوان خۆی ئاشکراکرد، بەڵام ئەو لاوانە لە راستدا پیاوانی میت و هەواڵگری تورکیا بوون .. چاویان بە هەموولایەکی دەوروبەری ئەردۆگاندا دەگێرا و نەک روانین لە سەرۆکی مەزنیان و گوێگرتن لە قسەکانی .. بەڵکو لە ترس ئەوەی نەک شتێکی چاوەڕوانەکراو رووبدات، بە تایبەتیش کۆمباریس (قبلەنامەکان ) هەموو وردەکارییەکان شانۆگەرییەکە نازانن .

بەشی دووەم / پردی بسفۆر داخرا، دوای ئەوەش هەندێ تەقەکرا، کەس نازانێت کێ ئەو تەقانەی کرد و لە کێیان کرد ..؟ فرۆکەی هێلیکۆپتەریش بە ئاسمانی ئەستەمبوڵ و ئانکرەدا دەسوڕانەوە .. کودەتاچییەکان دەستیان بەسەر چەند بینایەیەکی حکوومی و پەرلەمان و کۆشکی کۆماری دا گرت، کە گەورەکانی چۆڵیان کردبوو، تەنها بارەگای هەواڵگری نەبێت .. هەر وەکو لە هەواڵە بە پەلەکاندا هات، وازیان لێهێنابوو چونکە بەرگری گەورەی لێبوو .. پرسیارێک ژمارەی بەرگریکارانی بارەگای هەواڵگری چەند بوون ؟؟ لەو بڕوایەدایین کە ژمارەیان لە دە کەس زیاتر نەبوون، با وا دابنێین کە نزیکەی بیست کەسێک بوون .. ئەمە چۆن کودەتایەکە، کە نەتوانێت چەند پاسەوانێکی کەم لە ناوبەرێت ؟؟؟ بە تایبەتیش لەم بارودۆخەدا، کە چەکی بەرگریکاران دەمانچە و رەشاش و، لە باشترین شێوەشدا با چەکی ( ئاڕ پی جی ) شیان پێ بووبێت، بەرانبەر بە تانک و بە زرێپۆش و دۆشکە کە بە دەستی کودەتاچییەکانەوە بوون چییان پێدەکرا ؟؟

سێیەم / یەکسەر لە ناوەڕاستی ئەم رووداوانەدا، خەڵکی رژانە سەر شەقامەکان، بۆ ئەوەی لە پێناوی سەرۆکی مەزنیان و لەسەر بنەمای ( بە روح و بە خوێن ـ بالروح بالدم) قوربانی بە گیانی خۆیان بدەن .. بەڵام سەیر لەوەدایە، کە هەموو ئەوانەی چوونە سەر شەقامەکان، لە لایەنگرانی ئەردۆگان بوون ! هیچ کەسێکی تر دەرنەکەوت، تەنانەت گەر سواڵکەرێک یا شێتێک یا ڕێبوارێک هەر خۆیان بوون .

گەرچی لە سەرەتای کودەتاکەوە تا کۆتایی، هەروەکو ئەوەی، کە ئەستەمبوڵ خۆپێشاندنی گەورەتری لە دژ سیاسەتەکانی ( سوڵتان ) ی بەخۆیەوە نەبینیبێت .

بەشی کۆتایی / بۆ ئەوەی پەردە لەسەر ئەم شانۆگەرییە کۆمیدییە دادرێتەوە، سوپای تورکیا لە لایەن پیاوانی میت و پاراستنەوە شەرمەزار و رسواکران و، بە رووتی کۆیان کردنەوە، تا ببێت بە پەند بۆ ئەوانەی لە داهاتوودا، گوێدێری سەرکردە سەربازییەکانیان دەبن .. بۆ تەواکردنی ئامانج لە سیناریۆی کودەتا دروستکراوەکە، سەرۆکی تورکیا بەبێ دادگا و بەبێ فرمانی دەستگیریکردن لە لایەن دادگاوە ( گوایە ئەوان لە وڵاتێکی دیموکراتین ) دەستیان بە گرتنی هەموو ئەوانەکرد، کە

ئۆپۆزسیۆنن و سەر بە پارتە سیاسییەکانی ترن و هەر هاوڵاتییەکی تر کە دژی سیاتەکانی ئەردۆگان بن .. بە هەلیشی دەزانێت بە توومەتی تێوەگلان بە کودەتاوە رقی لە کێ بێت تاوانباریان بکات و، لە ناویان بەرێت .

سەرەڕای ئەوەی کە (٢٧٠٠) دادوەریان لەسەر کارەکانیان دەرکردن، تا ئەمڕۆش (٦٠٠٠) ئەفسەر و هاوڵاتییانی بەند کردوون، هەروەهاش (٢٥٠٠٠) هاوڵاتییش نادیارن و بێ سەروشوێنن، کە لە دژی حوکمڕانی سەرۆکی تورکین .. بە توومەتی سەر بەگروپێکی نەیار تاوانبار کراون .

ئامانج لە نینۆکبڕینی سوپا، ئەویە کە سوپا وەکو ئێسقانی ماسی لە قوڕگی ( ئەردۆگان) گیربووە، لە لە ئەمڕۆوە چۆنیشی بوێت وا رەفتاریان لەگەڵ دەکات .. خۆشی لە سەرەوەی سوپا و یاسا و هەموو کەسێکەوە دەزانێت .
بۆ ئەوەی ئەوانەی ئۆپۆزسیۆن و ناحەزی ئەردۆگانن، نەتوانن لە ئایندەدا، بەرهەڵستی ببنەوە، بە تایبەتیش سوپا و دادوەرەکان، کە دژی ئەوەن حوکمڕانی لە پەرلەمانییەوە بگۆڕێت بۆ دەسەڵاتی سەرۆکایەتی، لە جێی سستەمی پەرلەمانی ئیستای حوکمڕانی .. بۆ ئەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکە ( یاسایی، دادوەری، جێبەجێکردن ) لە یەکتر دابڕێت .. دەسەڵاتەکان قەدەغە بکات کە چاودێری یەکتری بکەن .. سوڵتەی یاساییش، مافی دادگایی کردنی سەرۆکی نەبێت لە کاتی پێشلکردندا و، لە زۆر کێشەکانشدا دەسەڵاتی رەهای هەبێت و، قسە قسەی ئەمبێت .. بە واتەیەکی تر ، قورخکردنی دەسەڵات لە لایەن ئەردۆگانەوە، یاسایەکی تازە کە دیکتاتۆر دروست دەکات .. لەگەڵ ئەوەشدا، ئۆپۆزسیۆن وەکو بەرد و کۆسپی لە رێی خۆی دەزانێت دەیەوێت واش لە خەڵکی بگەیەنێت کە ئۆپۆزسیۆن رقیان لە خودی ئەردۆگانە، و دژایەتی ئەو دەکەن .. ئۆپۆزسیۆن باش لەوە گەیشتوون کە ئەردۆگان چی لەبن سەردایە و دەیەوێت چی بکات، ئەرۆگان دەیەوێت خۆی بکات بە سوڵتانێکی عوسمانی و بە دیکتاتۆرێکی سەرکوتکەر .

(*) ئەم بابەتە لە نووسینی، نووسەری عێراقی ( کریم المظفر ) ە، کە لە بەرواری (٨ ی / یولی/ ٢٠١٦) دا لە سایتی ( کتابات ) بڵاوی کردۆتەوە .. لە عەرەبییەوە وەرم گێراوە بۆ سەر زمانی کوردیمان .